لە ئاراس
١٠ مەستورە لەدایکبوون

هاوکات لەگەڵ فیستیڤاڵی مەستورەی کوردستانی (٩-٢٠٠٥/١٢/١٢) دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ١٠ پەرتووکی بەزمانی کوردی و فارسی لە بەرهەمەکانی مەستورەو لەبارەی مەستورەوە بلاوکردەوە:

١- مێژووی ئەردەلان- نووسینی مەستورە، بەراوردی مامۆستا هەژار

٢- مێژووی ئەردەلان، نووسینی مەستورەی کوردستانی، وەرگێڕانی: د. حەسەن جاف و شوکور مستەفا

٣- مەستوورە- سەرێ هێژایی تاج بوو، نووسینی تۆسنێ رەشید

٤- مستورە، تحقیق و نگارش: جمال احمدی این

٥- مەستوورە، نووسینی جەمال ئەحمەدی ئایین، وەرگێڕانی، عەدنان بەرزنجی

٦- شرعیات، نووسینی: مستورەی اردلان

٧- شەرعیات، وەرگێڕانی: نەوید نەقشبەندی

٨- مستورەی اردلان، نگارش ایوب گازرانی

٩- تاریخ الاکراد، تألیف: مستورەی اردلان

١٠-دیوان مستورە، مقابلەو تصحیح ماجد مردوخ روحانی

بۆ/ بەڕێز رۆژنامەی میدیا
بابەت/ روونکردنەوە

لەهەردوو ژمارەی ٢١٣ی ٢٠٠٥/١١/٨و ٢١٧ی ٢٠٠٥/١١/٢٢ رۆژنامەکەتان دوو بابەت بلاوکرابۆوە یەکەمیان بەناوی (شەڕەف و بەرپرسو پەروەردە) لەلایەن رۆژگار شێخانی، دووەمیان بەناوی (ئەوەی لەپەروەردە باسی شەڕەف بکا، حەیای دەچێ) بەپێنووسی سەیران عەبدولجەبار حامد.

دوابەدوای بەدواداچوونی ناوەڕۆکی هەردوو بابەتەکە، وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا بەپێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە، بەمەبەستی زامنکردنی مافی هەموو پەیوەندارێك، ئەوەبوو (سەیران عەبدولجەبار حامد) داوای لەوەزارەتی پەروەردە کرد کەئەم لیژنەیە بەکارەکانی هەڵنەستێ چونکە لەکاتی نووسینی بابەتەکەی، لەبارێکی خراپی دەروونیدا بووە، داوای لێبووردنی کرد لەهەموو ئەوانەی ناویان هاتووە. لیژنەکەش رەچاوی باری دەروونی سەیرانی کرد. ئەمەی خوارەوەش دەقی روونکردنەوەکەی ناوبراوە.

بۆ زانیاریتان لەگەڵ رێزماندا

راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە

بۆ/ وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان
ب/ روونکردنەوە

دەربارەی ئەو نووسینەی کە لەژمارەی (٢١٧)ی رۆژی ٢٠٠٥/١١/٢٢ بلاوکرایەوە لەرۆژنامەی (میدیا). من داوای لێبووردن دەکەم لەوەزارەتی پەروەردە کەئەو لیژنەیە پێکنەهێندرێ بۆ لێکۆڵینەوە لەو بابەتە. چونکە لەکاتی نووسینی بابەتەکە لەبارێکی دەروونی خراپدا بووم.

داوای لێبووردن لەهەموو لایەك دەکەم.

لەگەڵ رێزمدا

سەیران عەبدولجەبار حامد

سکرتێری گشتیی YNDK جەژنی لەدایکبوون لەبرا مەسیحییەکان پیرۆز دەکات

پاش نیوەڕۆی ٢٠٠٥/١٢/٢٥ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی YNDK بەیاوەری (د.شاخەوان خالید- ئەندامی مەکتەبی سیاسی، خالید مەحموودو قەهار تاهیر- ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی) سەردانی شارۆچکەی عەنکاوەیان کردو، لەوێش چوونە کەنیسەی عەنکاوەو لەلایەن بەڕێز مەتران رەبان ئەلقەس- مەترانی کەنیسەی هەولێرو بەگەرمی پێشوازی کران لەسەردانەکەدا شاندی YNDK بەبۆنەی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح (درودو سلاوی خوای لەسەر بێت) پیرۆزبایی گەرمی YNDKیان بەبەڕێزیان و لەرێی بەڕێزیشیانەوە بەخوشك و برا مەسیحییەکان راگەیاندو هیوایان خواست کەئەم جەژنە جەژنی خێرو خۆشی بێت بۆ هەموو لایەك و، لەبەرامبەردا بەڕێز مەتران رەبان ئەلقەس سوپاسی سەردانی سکرتێری گشتی و سەرکردایەتی YNDKی کرد بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیەو جەختی کردەوە سەرزیاتر قوڵکردنەوەو بەرەوپێشبردنی پەیوەندی برایانەی نێوان نەتەوەو ئایینەکانی کوردستان و هیوای خواست کەساڵی داهاتوو ساڵی ئاشتی و هێمنی و برایەتی بێت.

پاشان بەهەمان مەبەست شاندی YNDK سەردانی بارەگای کۆمەڵەی رۆشنبیری کلدانی کردو لەلایەن بەڕێزان کاك پۆلس شەمعون- سەرۆکی کۆمەڵەو کاك جەمال شەمعون- جێگری سەرۆکی کۆمەڵەو دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵە بەگەرمی پێشوازی کران و، سکرتێری گشتی YNDK پیرۆزبایی خۆی و سەرکردایەتی YNDKی بەهەمان بۆنەوە بەبەڕێزیان راگەیاندو هیوای شادی و سەرکەوتنی بۆ خواستن.

سۆران پەشێوی چەپڵەو ماچ بارانکرد

مەهدی محەممەد - سۆران/

خەڵکێکی زۆر لەکچ و کوڕ چاوەڕێی پەشێو بوون، سەرماوسۆڵێکی زۆر بوو، باران دەباری، هۆڵی کۆلیژی پەروەردە پڕببوو لەکچ و کوڕو جێگا نەمابوو، تەنانەت بەشێك لەو خەڵکە لەدەرەوەی هۆڵەکە لەژێر باران وەستابوون، هەرکامیان لەوەی دیکە هەواڵی هاتنی پەشێویان دەپرسی و وێنەی سەرمۆبایلەکانیان رەشدەکردەوە تاکو پڕی بکەن لەوێنەکانی پەشێو.

وابڕیاربوو لەهۆڵی کۆلیژی پەروەردە ئێوارەکۆڕەکەی شاعیری نێوداری کورد "پەشێو" ئەنجامبدرێ، بەلام بەهۆی زۆری ئامادەبووان و بچووکی هۆڵەکە، شوێنی ئێوارەکۆڕەکە گوازرایەوە بۆ هۆڵی ئەوقاف، خەڵکەکە هەرکە زانیان کۆڕەکە لەهۆڵی ئەوقاف دەکرێ، هەرهەموویان بەو سەرماوسۆڵەوە بەپێ وەك قافلە رێگەکەیان بڕی کە یەك کیلۆمەتر بوو، پەشێو کەگەیشتە هۆڵی ئەوقاف بەرەخنەگرتنێکی بەپێکەنینەوە لەنەبوونی هۆڵی گشتی وتی "لەشوێنێکی وەکو سۆران خوا خێری ئەوقاف بنووسێ کە پەنایدایین، کە زانیم کۆڕەکە لەهۆڵی ئەوقاف دەکرێ، وتم خوایە چ ئایەتێکیش نازانم، دەبوایە ئەم کۆڕە لەهۆڵی کتێبخانەی گشتی ئەنجامدرابوایە".

کاتێك خەڵکەکە گەیشتنە هۆڵی ئەوقاف، چەپڵەی ئامادەبووان هۆڵەکەی پڕکرد، کەسێکی بالا بەرزو سەروریش سپی هاتە ناو هۆڵەکە، کچ و کوڕانی هۆڵەکە هەر کە ئەویان بینی بەنیازی وێنەگرتن و ماچ کردن خۆیان بۆلای راپسکاندو چەندین جار ماچیان کردو وێنەیان لەگەڵ گرت، سەرجەم ئامادەبووان بەهاتنی پەشێو بۆ هۆڵەکە هەستانەسەر پێ و چەپڵەیان لێدا، کاتێك پەشێوی شاعیر دەستی بەقسەکانی کرد، بێدەنگی سەرجەم هۆڵەکەی داگرت.

ئەو رۆژە ٢٠٠٥/١٢/٢٥ بۆ دووەمجار بوو سۆران دوای ١٣ ساڵ لەکۆڕەکەی رواندز جارێکی دیکە پەشێوی لەباوەش گرت، پەشێو لەسەرەتای کۆڕەکە لەبەشێکی قسەکانیدا وتی "لەهەموو ژیانم دژی دەسەلات بوومە، لەوەتەی خۆم ناسیوە، هەر دژی دەسەلات بوومە، بەتایبەتیش ئەگەر دەسەلات و گەل هەر یەکیان لەدۆڵێك بن و دەسەلات لەدۆڵێك بخوێنێ و گەلیش لەدۆڵێکی تر، من هیچ چارەیەکم نییە جگەلە پارێزگاری کردن لەگەلەکەم و دژایەتی کردنم بۆ دەسەلات، لەهیچ شتێك تووڕە نیم جگە لەبەرگری کردنم لەدادپەروەری نەبێ"، هەروەها رەشبینی خۆی بۆ یەکگرتنەوەی ئیدارەکان نیشانداو وتی "ئەو یەکگرتنەوەیە بەئاسان نابینم".

پاشان پەشێوی شاعیر لەنێو بێدەنگی عاشقانی شیعرەکانیدا چەندین شیعری دڵداری و نەتەوەیی خوێندەوە، لەکۆتایی کۆڕەکە کە یەك کاتژمێرو نیوی خایاند، پەشێو بەرەو دەزگای زاری کرمانجی بەرێکەوت، کاتێك گەیشتە بەردەرگای دەزگای ناوبراو، کچان و کوڕانی عاشقی خۆیان گەیاندە ئەوێش و وێنەیان لەگەڵ گرت و ماچیان کرد، پەشێو کاتژمێرێك لەدەزگای زاری کرمانجی مایەوە کە هەموو کاتەکەی بە وێنەگرتن لەگەڵ



بۆ ئەوگەنجە خەڵەتاوانەی بڕوایان بەجێگایەك هەیە لەدەرەوەی دەسەلات

شاخەوان عومەر سلێمان

زۆرجاران لەلایەن گەنجان خۆیانەوە، هەندێك جاریش ئەوانەی بەتەمەنن و قسە لەپرسی گەنجان دەکەن خۆیان بەخەمخۆرو مشورگێڕو شارەزا لەحاڵیان دەزانن رایەکی سەیرو سەمەرەیان هەیە سەبارەت بەبوونی شوێنێك یان پەناو پەناگەیەك کەناوی دەرەوەی سنووری دەسەلات بێت و ئەم پانتاییەش بەگوتەی هەڵگرانی ئەم بۆچوونە، کەتێیدا گەنج دەتوانێت شوێنی شایانی خۆی بدۆزێتەوەو لەفەزایەکی دوورە دەست لەدەسەلاتی حیزبی بگوزەرێت و بکارێت تواناو وزەو تین و هێزی فکری و عەقڵی و جەستەیی، خۆیانی تێدا نمایش بکەن و ئازادو سەربەرزانە چالاکی بکەن و ئەوەی دەخوازن و دەیانەوێت بیکەن و بیلێن ئەوەی راستیە لەم نێوەندەدا تاوەکو ئێستا ئەگەرچیش تا ئەم ساتە قەناعەتێکی زۆر هەیە کەپاڵپشتی لەبۆچوونی ئامارە پێکراو دەکات، بەلام باوەڕ ناکرێت و ناشێت لەپینتێکی بچووکی ئەم خاکەی کوردستانە کەخۆمان تێیدا دەژین، بەدەرای بستێکیش شوێنێك هەبێت کە دەسەلاتی حیزبی، جاچ زۆر یان کەم راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بەبەردەوامی یان بەشێوازی پچڕ پچڕی، بەناوی مستەعارەوە بێت یان بەناوی ئاشکرا، شەریکە بەشی یان دەست تێکەڵی لەگەڵدا نەبێت و بەپلانی رێکخراو گرێدراو بەدەسەلاتەوە ئەو جێگایانە جولەیان پێ نەکرێت و بەڕێوەنەبرێن، دیارە مەبەست لەم شوێنانە هەر دەزگاو دامەزراوەو ناوەندو ئۆرگانێکە کەئەمرۆ لەکوردستاندا هەن.

بوونی گۆڕەپانێك لێرە کە بەجۆرێکی قەتعی و یەکلاکەرەوە دەسەلاتی سیاسی و حیزبی کاریگەری لەسەر دانەبێت و رۆڵی تێدا نەگێڕێت، جگە لەخەیاڵ و وەهمێکی فریودەرانە زیاتر شتێکی دیکە نییە، جا ئەگەر خاوەنی بیرۆکەی لەم چەشنە خودی خۆشم بەو بڕوام پێ هەبێت هەروایە.

پەیوەندی دەسەلاتی حیزب و سیاسەت لەکاتێکی وەکو ئێستادا هێندە بەفراوانی و ئەوەندە بەچڕو پڕی لەنێو ناخی دامەزراوەو دەزگا کارگوزارییەکان شوێن پێی خۆی کردۆتەوەو رەگەکانی داکوتیوە کەسەخت و زەحمەتە هیچ کەسێك لەتوانای دابێت بەوە قایلمان بکات و رەزامەندیمان وەرگرێت، بلێین لەدەرەوەی سنووری دەسەلاتی حیزبی جێگایەك هەیە کەپاك و خاڵی و بێگەرد بێ لەخەوش و غەرەزەکانی دەسەلات خۆی.

بۆ ئەمەش ئەزموونکردنی رەوشی چوار ساڵی رابردوو بەسە کەحەقیقەتێکی داینێ کاتێك چەندین کەناڵ و وێستگەو دامەزراوەی میدیایی و غەیرە میدیایی لەسەرەتای سەرهەڵدان و دەست بەکاربوونیان، پڕ بەدەمیان بانگەشەی بێلایەنی و سەربەخۆییان دەرکردو رێکلامی ئازادی کاریان بەگوێچکەدا دەداین و بەم گوتەزاو دەستەواژانە کاسیان دەکردین، کەچی پاش ساڵێك یان کەمتر لەکارکردنیان هەموویان دەمامکیان لەروودا کەوت و لادراو رووکاری زەردو راستەقینەیان رۆنبووەوە.

ئەگەر تەمەن بوارمان پێبدات ئێمە لەداهاتوودا شاهێدی بینینی چەندین شانۆگەری دیکەی بەم چەشنە دەبین و بەدیاریانەوە دەتریقێینەوە، بۆیە باشتر وایە گەنجان چیتر نەڵێن لەدەرەوەی دەسەلات بەتالاییەك شك دەبەین، چونکە جارێ شتێك لەئارادا نییە بەم ناوەوە.

ئەگەریش بڕیار و وادەوابێت لەئاینە ساحەیەك دروست بێت کەدەسەلاتی حیزبی بەبچووکترین شێوە رۆڵی تێدا نەگێڕێت دەشێ ئێمە بڕوا بەوە بکەین، چونکە پێشبینی کردن هەندێك جار راست دەردەچێت.

بەلام ئەوەی پەیوەست بەهەنووکەی کوردستانەوە هەیە ئەوا ئەو گەنجانەی وا خەیاڵ دەکەن و دەفکرن کەبەلێ بۆ خۆیان لەسایەی دەزگایەك گیرساونەتەوەو بەقەولی خۆیان لەشوێنی سەربەخۆ کار دەکەن دیارە ئەوانیش یان فریودراون و خۆڵکراوەتە چاویان، یاخود دەیانەوێت بەم پاساودانەوە بێ بنەمایانە فێڵ لەخەڵك و هاوکارەکانیان بکەن و قایلیان بکەن بیانخەڵەتێنن.

بەدانانی خێر بەواقیعێك کە لەئەساسدا بوونی نییە، رەنگە سیاسەتی حیزبی کورد لەپاڵ هەوڵی دیکەی قۆرخکاری و خۆ سەپاندن بەسەر خەڵکیداو بردن و خواردنی مافەکانیان کارێکی تری لەبرەودان بەپێشخستنی نیازو مەبەستەکانی و پێکانی ئامانجەکانی ئەوە بێت کە لەنێو ئەولاو و گەنجە دەربارو گوێ لەمستانەی ناو ئۆرگانەکانی خۆیدا دەنگۆی واپەرە پێبدات کەوا خەڵکانێك بلێن حیزبەکانمان شەفاف بوونەو بڕوایان بەجیاوازی بیروڕای ئازاد هەیە، کاتێك لاوانی ژێر رکێفی خۆیان فێردەکەن تاوەکو باس لەدەرەوەی دەسەلات بکەن و رای وابووروژێنن.

مادام وایە لەبەرامبەر ئەو جۆرە کەسانە دەڵێم "من گەورەترین و شکۆدارترین دەسکەوتی نیشتمانەکەم بەنەفرەت دەکەم".

جێگری سەرنووسەر
بێستون نوری

بەرپرسی دارایی و کارگێڕی
عەبدوڵلا قڕگەیی

دەستەی نووسەران
فازل نەجیب
دەشتی سەباح
حوسێن هیممەتی
شوان تاڤینگ
سالار بابەشێخ
ساڵح قادر
تۆڵە مەهدی

میدیا لە ئینتەرنێت دا:
www.yndk.com
پۆستی ئەلکترۆنی
midya@yndk.com

پەیوەندی کردن بەفاکس لەگەڵ میدیا لەرێگەی
(سەنتەری سەفین)ەوە دەبێت بەم ژمارەیە:
Fax: 0044 207 180 3333

هەولێر -شەقامی سوڵتان موزەفەر
تەنیشت کۆمپانیای بابل
تەلەفۆن: ٢٥١٢١٠١- ٢٢٣٥٠٨٣

پیت چنین و نەخشەسازی:
نووسینگەی دەریا

پرسەنامە

بۆ برای بەڕێز کاك مەسعود پەرێشان
بۆ برای بەڕێز کاك لوقمان جەوهەر

بەخەمو پەژارەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت، خۆمان بەهاوخەمتان دەزانین و لەخوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بخاتە بەر بەزەیی و سۆزی خۆی و، سەبرو ئارامی بەئێوەو بنەماڵەکەتان ببەخشێت.

انا لله وانا اليه راجعون

براتان
غەفوور مەخمووری
سکرتێری گشتیی
YNDK

بۆ برای بەڕێز کاك سەعدوڵلا پەرۆش

بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین، لەخوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر رەحمەتی خۆی بخات و، سەبرو ئارامی و دڵنەوایی بەبەڕێزتان و بنەماڵەکەتان ببەخشێت.

براتان
غەفوور مەخمووری
سکرتێری گشتیی YNDK
٢٠٠٥/١٢/٢٤

بۆ بەڕێز هەڤاڵ دیدار حەسەن- بەرپرسی لقی هەولێری YXNK

بەخەم و پەژارەوە هەواڵی کۆچی دوایی باوکتان خوالێخۆشبوو (حەسەن حاجی کانەبی)مان پێگەیشت، پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان و بنەماڵەکەتان دەکەین و، لەخوای گەورە داواکارین سەبوریتان بدات و خوالێخۆشبووش بەبەهەشتی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا اليه راجعون

مەکتەبی سیاسی YNDK